# هەواڵێکێ و وڵامێکێ

## پارەم لە کەس وەرنەگرتووە، تەنها ئیدارەی سلێمانیهەندێ خێوەتیان دامێ

peyamner- بە پێی هەواڵی ئاژانسی دەنگوباسی فارس نیوزی ئێرانی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی رایگەیاند: من هەولمداوە لەفیلمی (کیسەڵەکانیش دەتوانن بفڕن) ژیانی راستەقینەی کورد لەژێر سایەی شەڕ پێشانی دنیا بدەم کە رۆژانە هەزاران هەواڵ لە بارەی شەڕەوە بلاو دەکرایەوە بەڵام باسی کوردیان نەدەکرد، هەروەها دەڵێ: من وەک دەرهێنەرێکی کورد چوومە کوردستانی عێراق چونکە ئەگەر وەک ئێرانییەک چووبام هیچ هاوکارییەکیان نەدەکردم، بۆ فیلمەکەشم کەس پارەی نەدامێ، ١٢ هەزار دۆلارم بۆ کڕینی چەند تانکێک و دروستکردنی خێوەتگە خەرج کرد و چادرەکانیشم لە حکومەتی تاڵەبانی وەرگرت و هەموو کەل وپەلەکانی دیکەشم کڕی. لەبارەی سینەمای ئێرانیشەوە دەڵێ: سینەمای ئێران بەرەو نەمان دەچێ، بەڕای من دەبێ لە تەنیشت هەر مزگەوت و قوتابخانەیەک هۆڵێکی سینەما هەبێ.

Oct 24 ٢٠٠٤ ٠٣:٢٨ ،

---

ماوەیەکی زۆر بوو کە دەمویست بابەتێک، لەڕاستیدا ڕەخنەیەکی زانستی لە سەر فیلمەکانی بەهمەنی قوبادی

بلاو بکەمەوە،بەلام ڕاستەکەی لەبەرئەوەی کە لەم سەردەمەدا قسە تەنیا قسەی پارە و دەسەلاتەو زانست و تیۆر و فەلسەفەو.... تەنیالای چەند مرۆڤێکی دەست کورت و بێ دەسەلات-لەڕووی سیایسەوە-باوی ماوە،ئەوکارەم نەکرد. بەخۆمم دەوت:مادام بەهەمەن دەسەلاتی لەگەڵە با من تیۆر و فەلسەفەی جیهانی بۆ بێنمەوە،چ سوود؟
بەلام ئێستا دوای بینینی ئەو هەواڵەی پەیامنێر نەمتوانی بێدەنگ بم ،هەڵبەت لێرەدا تەنیا باسی ئەوەدەکەم کە کەسانیک بەوپەڕی چەرداوەڕووییەوە بەناوی کوردی بێ خاوەنەوە نان دەخۆن لەحاڵێکدا خۆیان گەورەترین دوژمنی کوردن و ئەقڵیەتی ستەمخواز و دەسەلاتخوازی کوردیش بەو پەڕی نەرم و نیانییەوە هەموو شتێکیان لێ قەبووڵ دەکات .چونکە کورد بەردەوام لەلای سەرکوتکارانی داگیرکەر و خۆییەوە وا ڕاهێنراوە ملکەچ بێت و لەئاستی بالادەستدا فزەی لێوە نەیەت.ئەوەی کەمن بەپێی چ پێوەرێک ڕەخنە لە فیلمەکانی بە همەن دەگرم و هێرش دەکەمە سەر بە همەن کە نەک هەر دەربارەی کۆمەڵگەی کوردەواری هیچ شتێک نازانێت بەڵکوو دوو دێڕبەزمانیکوردنازانێ بخوێنێتەو.بەو حاڵەوە فیلمی کوردی دروست دەکات و خەلاتی جیهانی وەردەگرێت بۆ ئەوەی کورد لە فیلمەکانیدا بە نەتەوەیەکی وەحشی و دوو لەشارستانیەت نیشان دراوە،لێکۆڵینەوەی زانستیانە لەوبارەیەوە بۆ درفەتێکی تر.ئەوەندە لێرەدا بڵێم کە بەهمەن چۆن دەڵێت کە پارەی لەکەس وەرنەگرتووە و وەکوو کوردێک چۆتە سلێمانی نەک وەک ئێرانییەک؟پێی ئەڵێم ئەرێ کوڕی باش بەکام ناونیشان کوردی ؟ چۆن تۆ پارەت لە پارتی و یەکێتی

وەرنەگرتووە ،کەپێم وایە بە هەرکام لە دوژمنە کانی تری کوردیان بدایە فیلمی هەستیارتریان دروست دەکرد و باشتر کێوی بوون و ناشارستانی بوونی کوردیان نیشان دەدا.

یان‌لەلای تر وەک(ا.....ت.....ا)؟ لەوێش خۆپارە وەر ناگریت.

من داوا لە بەهمەن دەکەم جارێ جوابی ئەوپرسیارانەم بە کوردی بداتەوە ـ بەڵام وەک خۆیان دەڵێن ویژدانەن خۆی بینووسێت با بزانم کوردییەکەی چۆنە ـ جا دواتر باسە زانستییەکەش لە سەر فیلمەکانی بڵاو دەکەمەوە با وا نەزانێت دنیا گەمژەن و بەئاسانی وەک جەماعەتێ ساویلکەی داوە تەفرە ئەتوانی هەمووکەسێ تەفرە بدات.

شێرزاد تاران